## وەفاداری یەک بۆ گیانی پاک و نەمری"مەرزی"خانم مەرگی لە ناکاوی ئەم هونەرمەندە لە یانەی کوردی "میدیــا" لە هۆڵەندە بەرز و پیرۆز ڕاگیرا.



مەرگی ناوەختی هونەرمەندی ناسراوی کورد خاتوو "مەرزیە فەریقی" ڕۆژی 2005/09/18 لە وولاتی سوئید، بە جارێك ناوەندە کوردیی یەکان و گشت تاکێکی کۆمەڵگای کوردی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان هەژاند.
بۆ هاوبەشی ئەم کۆستە گەورەیەی گەلی کورد، یانەی کوردی "میدیـا" لە هۆڵەندە، سەرەتای کاتژمێری یەکەمی چالاکیەکەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 2005/09/25 ی بە هەل زانی بۆ بەشداری کردنی پرسەی ئەم هونەرمەندە مەزنە و شۆڕەژنە شۆڕشگێڕەی کورد، ماتەم گێڕانی ئامادەبووان بە خولەکێك وەستان بە بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی مەرزیە خانم بەڕێوەچوو پاشان چەند ووتارێك خوێندرایەوە پرسەی ماتەمینی یانەی کوردی "میدیـا"، ئاڕاستەی هونەرمەند کاك ناسری ڕەزازی و جگەرگۆشەکانی و کەسوکاری جوانەمەرگ کرا. پاشان بە پەخشانێکی لاواندنەوە بۆ گیانی پاکی مەرزیە خان، کە لە لایەن بڵاوکراوەی "بێوار"ی یانەی کوردی میدیـا"ی ڕۆتردامەوە نوسرا بوو، کۆتایی بە مەراسیمەکە هات.